## كوردة ئاوارةكاني رؤذهةلآت مان دةطرن ...... شاخةوان شؤأش

دوای ئەوەی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات لەئۆردوگای ئەڵتاش لە ڕەمادی تووشی سەختترین ڕۆژەکانی ژیانیان بوونەوە، ناچاربوون لەپێناوی ڕزگاریاندا پەنا بۆ هەموو لایەن و ڕێکخراو و پارتێك ببەن. دیارە لەلایەنی کوردی و لایەنەکانی دیکەوە دەست بەڕوویانەوە نرا و ئاوڕیان لێ نەدرایەوە. ئەمە بوەهۆی ئەوەی تووشی پەڕاگەندەیی و سەرگەردانی ببن. هەندێ لەم ئاوارانە کە ژمارەیان 1300 کەسێك دەبێت ڕوویان لەسنوری ئوردن کرد و لەکەمپێکی پەنابەرانی ئەوێ لەبیابانێکی ڕەق و وشکدا گیرسانەوە. بارودۆخی ئەم ئاوارانە زۆر خراپە و جگە لەنەبوونی و کەمی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، نازانن چارەنووسیان بەچی دەگات.

ئەم ئاوارانە لەچەند ڕۆژی هەفتەی ڕابردوو دەستیان بەمان گرتن کردووە و داوای چارەسەرێك بۆ مەینەتیەکەیان دەکەن و بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن. دیارە ئاوارە مانگرتووەکان گلەیی زۆریان لە بێدەنگی پارتە دەسەڵاتدارە کوردیەکان هەیە.

ئەم ئاوارە کوردانە داوا دەکەن؛ نەیان گەڕێننەوە بۆ ڕەمادی یا شوێنێکی دیکەی ناو عارەبان و دەڵێن "نا بۆ جارێکی تر 23 ساڵ ژێردەستەیی"، "نا بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران و ژێردەستەیی ڕژێمی ئاخوندی". "بەڵێ بۆ ئازادی و چارەسەرێکی سەربەرزانە".

سەیر لەوەدایە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و میدیای هەردوولا لەئاستی مەینەتی ئەو ئاوارانە کەڕ و لارن و تائێستاش خۆیانی لێ گێل دەکەن!

خۆزگە بارزانی بەقەد مەڕ و ماراتەکانی عەشیرەتی شەمەڕی عارەبی گرنگی بەم ئاوارە کوردانە دەدا و لەکوردستان جێگای بۆ دەکردنەوە. خۆزگە تاڵەبانی بە چارێگی بەرەی تورکومانی گرنگی پێدەدان و ئاوڕێکی لێ دەدانەوە.

29 .8 .2003

تي بينى كوردستان ني ت:
ئةم نووسينة بيروبؤضونى نووسةرةكةيةتى، كوردستان ني ت لة ناوةر ؤكةكةى بةرثرسيار نيية.